گۆڤارێکی فکری، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٩) حوزەیرانی ٢٠١٣



# شیعری ئیلوار،

## گرێدراوی هێزی سۆز و وردبوونەوەیە

قەیس مەجید ئەلمولا

شیعر نمونەیەکی زیندووە لەسەر کۆی ئەو گۆڕانکارییە دەرونیانەی لەژێر کاریگەی قەیرانەکاندا دروستدەبێت،لەشیعردا لەژێر ڕەوشی ئەوەی گشتی ئێکەڵ بە ئاک دەبێت، بەئاییەنی لەوەی بە ڕووداوە گەورەکان ناوزەددەکرێت، گومانی تێدانییە شیعر لە ئەندێشەی ئەندێشەدا دەگاتە لوتکە، زەمینەسازی دەکات بۆخولقاندنێکی ڕووت لە میراتێکی جێماو.ئەمەش بزربوونێکی تەواوەتی وگشتگیرە لای هەندێک لەشاعیرەکان، کەلەڕووداوە گەورە و مەزنەکان ناوزەدمان کردن، نزیکترین نمونەش لەسەر ئەمە بیۆگرافیای شاعیری فەرەنسی پۆل ئیلوارە،کەزۆرێک لەرەخنەگرەکان پاشماوە شیعرییەکانی بە ئاڵۆز و قورس ئیشکخستنە سەری زۆر گرێدراوە. لێ وازی لە چەمکی ئاوێزان بوونی نێوان ڕووداوەکان هێنا، لەسەر ئاستی ڕووداوە کاریگەرەکان لەسانەوەختی خولقاندنی شیعریدا، هەر هزرێک ئاییەتمەندییەکی خۆی پێبەخشی. واتە بەبێ ئەوەی بزانێت سیستمێکی چاودێری لەخەیاڵدانی خۆیدا دروستکردووەو تیایدا هۆش لایەنی جێبەجێکەری ئەو سیستمەی چاودێرییە، کە ڕاستییە بینراوەکان مافی خۆی پێبەخشی، ئەو سەبژێکتیفانەی گرێدراوی هەستی خەیاڵن، ئەویش مافی خۆی وەردەگرێت، کە دەبێت لەچوارچێوەی بازنەیەکی ترسناکی پێداویستیەکانی خۆشەویستی وژیان بێت.

پۆل ئیلوار بۆماوەی سێ ساڵ لەجەنگی جیهانی یەکەمدا(1915–1918) وەک جەنگاوەر جەنگیوە و ڕاستەوخۆ لەژێرکاریگەریی ئەو جەنگەدابووە، چەندین جار برینداربووە، مەترسیدارترینیان ئەوەبووە کەبەگازی ژەهراوی برینداربووە. لەڕووی جەستەیی وهزرییەوە ماندویکرد، ئەم جەنگەی بەهەست وسۆزێکی مرۆییانەو

شاعیرانەوە وێناکرد، هەروەها ئەو ناهاوسەنگیەی لەجەنگدا دروستدەبێت، لەلایەک مالوێرانی، لەلایەک بەرگری پیرۆز لەخاکی نیشتیمان، بۆیە دەبێت ئەنجامێکی هەبێت.ئەنجامەکەش بریتیە لەو رقەی دروستدەبێت لەدژی هەموو ئەوەی بوونی مرۆڤ و ژیان وهەست وسۆزی مرۆڤی پێوەی گرێدراوە، بۆیە پۆل ئیلوار ئەم چەمکە ڕێگاپێدراو وناکۆکەی لەکتێبی ( ئەرک ونیگەرانی) دا کردە مێژوو، مەزندە دەکەین وگومانیشی تێدانییە ئەم نیگەرانییە بەسەر ئەرکدا سەرکەوت، چونکە وەک شاعیر نەک مێژوونوس بڕوایوایە نابێت شەڕ بەرپابێت، دەبێت شتێک بکەین ڕێگری لێبکەین، ڕێگرییەک ئەگەر هەڵگیرسا، لەبەرامبەر ئەم بۆچوونە وئەم رەتکردنەوەیە ورقبوونەوە لەجەنگ ساڵی (1918)(شیعرەکانی ئاشتی) نوسی، تیایدا سیخناخ بوو بەو دیمەنە ترسناک ومالوێرانییەی لەجەنگدا هەیە، بۆئەوەی بگاتە چەمکی (سەرکەوتن)، کەلای جەنگاوەران بەمانای کوشتنی زۆر ومالوێرانی زۆرتر ودەربەدەری زیاتر دەگەیەنێت. فەلسەفەی شیعری ئیلوار لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم قوڵ بووە، ئەو جەنگەی بووە هۆی دەرکەوتنی رەوتی هزری و ئەدەبی وکاریگەری گەورەی لەسەر دەرکەوتنی رەوتەکانی مۆدێرنێتەی ئەدەبی هەبووە، بۆیە ئیلوار هیچ ڕێگاچارەیەکی لەبەردەم نەبوو، بۆئەوەی بچێتە پاڵ بزوتنەوەی دادائی وپاشان سریالی، ئەگەر پێویستیەکی داواکراوبوون، بۆیاخی بوون ولەناوبردنی خود وسەرلەنوێ دروستکردنەوەیان ئەوا جوانترین بەرهەمی شیعری نوسی وباسی لەکەش وهەوای جەنگی جیهانی یەکەم دەکرد وناونیشانی ئەو کۆمەڵەیەش (مردن لەنەبوونی مردنەوە) ساڵی (1924) بڵاوکردەوە.

لەبەر رۆشنایی رۆچونە نێو قوڵایی جەنگ وسێبەری پێچەوانەی جەنگ لەئەزموونێکی نوێدا، جوانترین شیعرەکانی خۆشەویستی نوسی، ئەوەش کاتێک گەشتێکی دوورودرێژی بۆ رۆژهەڵاتی ئاسیا ئەنجام دا ، لێ (پایتەختی هیوا) ساڵی (1926) کەتروپکی بەرهەمەکانییەتی، نوسیویەتی، تیایدا گوزارشت لەئاشتی و بوونی خۆشەویستی دەکات، کەبەزمانێکی پڕ لە نامۆبوون و دوورکەوتنەوە نوسیویەتی:

راندەکێشم کاتێک بەتەنیا دەبم
لە شەقامە ساردەکان
هۆڵە رەشەکان
لە شەکەتجەدا هاواردەکەم
نامەوێت جێیان بهێڵم
هەردوو دەستی روون و تەنگ
کەلە ناوێنەی دەستی داخراوم
لەدایک بوون
لەسێبەری خۆتدا زەوی هەڵبکۆڵە
ناو لەنزیک مەمکەکانەوە
وەک بەردێک مرۆڤ تیایدا نوقم
دەبێت.

جارێکی تر ولەدوای دابڕان، کاریگەرییەکانی جەنگ باڵ بەسەر بیرکردنەوە وشیعرەکانیدا دەکێشێت، لەدەرەنجامی جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا یاخیبوونی لەناوخودی خۆیدا تواوەتەوە، لەوکاتانەی سەربە هەردوو بزوتنەوەی دادئی وسوریالی بوو، لەدەرگای غەمی کۆمەڵی دا. گومانی تێدانییە ئەم تێگەیشتنە نوێیە تەواو جیاوازە لەگەل بیروبۆچونەکانی ئیلوار کەلەلایەن هەردوو بزوتنەوەکەوە وەریگرتبوو، تاکو دابڕانێکی کۆتایی لەنێوان خۆی وبزوتنەوەی سوریالی دروست بکات، ئەنانەت لەگەڵ هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی دووەم، بەتەواوەتی لەگەڵ چەمکی(هونەری ژیان) یەکی گرت، ئەمەش گەشەسەندنێکی نوێ وجیابوونەوەیەکی گشتگیرە لە تێگەیشتنەکانی رابردووی، وەک خۆی گوزارشتی لێکرد و وتی «رەنگە شیعر یەکێک بێت لەئامرازەکانی رزگاری بۆیە پەیوەندی بەریزی پارتیزانەکانی فەرەنساوە کردووە لەدژی کۆلۆنیالیستی ئەلمانی، ئیتر ژیانی ئلوار لەجەنگەوە بۆ جەنگ ، لەکارەساتەوە بۆ کارەساتێکی تر بەردەوام بووە ، رەنگە شتێک کە دەربارەی ئەو ماوەیە بۆی ماوەتەوە، ئێستا لەبارەیەوە دەدوێن وبەناوبانگترین شیعرەکە نوسییێتی (ئازادییە) وەک سرودێکی نیشتیمانی وابوو بۆ فەرەنسیەکان، کەلێوان لێو بوو بۆئازادی و رێزگرتن لەسەروەری وڵاتان وگەلانی تر.

مەزنترین قەدەرێک لەو سەردەمەدا شیعری بەرەنگاری بوو، ئەو شیعرەی شکۆ ولاواندنەوەو شێوازێکی روون و توندی تێدایە:

ئەو شەوەی پێش مردنی بوو
کورتترین شەوی ژیانی بوو
بیری کەوتەوە وادەزانێت ژیاوە
خوێنی لەمستیدا هەڵچو
قورسایی جەستەی هێزی
بێزارکردووو، نەرم بوو
لەدڵی ئەو ترسەدا
خەندە دەبزوا
هیچ کەسێک بەرەنگاری نەدەکرد
بەڵکو بە ملیۆنان
دەیزانی تۆڵەی بۆدەکەنەوە
پاشان رۆژی بەسەردا هات
وپێلوە وشک وخەوتنوەکانی گرت

ئەزمونی شیعری ئیلوار وێرای تایبەتمەندیبوونی ئاراستەکانی وئاوێزان نەبوونی لەگەڵا یەکتردا، بەڵام لەهەردوو لاوە لەچوارچێوەیەکی رەهادا پارێزگاری لەبێگەردی خۆی کرد، تیایدا گوزارشتی پێویستی مرۆڤ بۆ بەرامبەر کرد، ئەمەش لەرێگەی ئەو داوە نهێنییەوە کەهەست وسۆزمان بۆیەکتری دەگوازێتەوە، هەروەها ئەمەش سەرکەوتنی نیگەرانییە بەسەر ئەرکدا.